چیرۆکی وەرگێڕاو



عەلی ئەشرەفی دەروێشیان

# نییەتی

لە فارسییەوە: ئەمجەد شاکەلی

– نیاز عەلی نییەتی.

– ئامادە.

یەکەم جار کە بینیم، لە تەنیشت پلووسکی مەکتەبەوە دانیشتبوو. کۆکە گرتبووی. هەر کۆخەیەکیش بە توندی رای دەتەکاند. خوێنێکی کاڵی هەڵاورد. دەمی بە قۆڵی چاکەتە بەنرەنگەکەی پاک کردەوە. بە خێرایی بەرەو پۆل رۆیشت و لەسەر یەکەم تەختە دانیشت.

پۆلی دووەم بوو. گچکە و ڕێزەیەک بوو بە رەنگی مانگ، رەگی ملی لە ژێر پێستەوە دیار بوو و تک تک وەک مرۆڤێکی تادار لێی دەدا.

قەڵەمەکەی بە پەتێک بە کونی دووگمەی چاکەتەکەیەوە بەستبوو. کە شتی دەنووسی، لەبەرئەوەی بەنەکە کوڵ بوو، زگی دەهێنایە پێشەوە، وەک ئەوەی لەبری قەڵەم، لەشی خۆی بە سەر کاغەزەکەدا بکێشێ. کە مەشق و ئەرکەکەیم لێ وەردەگرت، دەستەکانی دەلەرزین. کاغەزی مەشقەکانی لە نێو زبڵدانی مەکتەبدا دەدۆزینەوە. کە خەتم بە سەر مەشقەکەیدا دەهێنا، وام هەست دەکرد، خەت بە سەر ژیانیدا دەکێشم. نیوەڕوان نەدەڕۆیشتەوە ماڵێ. لە راستیدا زۆربەی منداڵەکان نەدەچوونەوە ماڵێ. پاشماوەی نانی شەوی پێشوویان لە

هەمان جێگە، لە پاڵ دیوارە گڵێنەکەی مەکتەبدا دەخوارد. ئەو نانی نیوەڕۆیشی لە باخەڵدا بوو. کەوشە لاستیکینییەکەی خەتێکی سووری ناحەزی بە سەر خرتکەی پێیدا کێشابوو و جێ زامێکی بە جێ هێشتبوو. وانەکانی باش دەخوێندن. زووتر لەوانی تر کەوتبووە سەر ڕێ. دەیتوانی خەتی گەورەی ڕۆژنامەکان بە باشی بخوێنێتەوە.

ڕۆژێکیان کە هەموو بێدەنگ بووین، خشەخشی ڕۆژنامەیەک کە لە باتی شووشە بە پەنجەرەکەمانەوە نابوو، سەرنجی منداڵەکانی راکێشا، بە نیاز عەلیم گوت:

"نیازعەلی، دەتوانی ڕۆژنامەکە بخوێنیتەوە؟ ها، ئەگەر بڵێی چی نووسراوە؟"

دوای کەمێک سوورهەڵگەڕان و من منکردن، دەستی بە خوێندنەوە کرد:

"ئاغا نووسراوە چاکەت."

- ئافەرین، دروستە، بخوێنەوە، باشە.

- ئاگا دوو سەد و پەنجا هە هە هەزار تمەنی.

- ئافەرین، ئافەرین، زۆرباشە، بەردەوام بە.

- ئاغا، لە تاران هە هە هەڕاج کراوە.

هەناسەیەکی نوێی هاتێ، ڕووی لە من کرد و گوتی:

"ئاغا چەند گەورە و باش نووسراوە؟"

گوتم:

"ئەرێ، نیاز عەلی، لەم ڕۆژانەدا لە ڕۆژنامەکاندا شتگەلی گەورە و باش دەنووسن"

***

- نیاز عەلی نییەتی.

- ئامادە.

ناسنامەکەی "نییەتی" بوو، زۆر لە منداڵەکانی پۆلەکەی من ناسنامەکەیان "نییەتی" بوو. کە ناویم دەخوێندەوە، بە توندی رادەچڵەکی. بە شەرمەوە و بە جۆرێک کە قەڵەم و بەنەکەی دەشێردەوە تا من نەیانبینم. بە دەنگێکی نزم دەیگوت "ئامادە" و دەنگی لەو دەمەدا وەک دەنگی بێچووە قەلەڕەشێک وا بوو کە لە نێو مشتدا بیگوشی. تاکە شتێک کە ئەو گەمەی پێ دەکرد، تۆپێک بوو کە لە کاغەزی رەشی سفت و توندلوولکراو دروست کرابوو و بە

بەنیش پێچرابووەوە.

کە منداڵەکان وازییان دەکرد، ئەو لە پاڵ دیوارەکەدا دادەنیشت و تۆپەکەی توند لە دەستیدا دەگوشی. تەماشای ئاسمانی دەکرد و بە داخ و پەژارەوە بە کایەی منداڵەکانەوە گێژ دەبوو. هەرکاتێک یاریی بکردایە، کۆخە دەیگرت و خوێنی هەڵدەهاوردەوە.

***

حەزم دەکرد فرەتر لە تەک ئەودا قسان بکەم. رۆژێک لەسەر پلیکانەکانی مەکتەب دانیشتبووم، بە ئەسپایی هات و لە خوارەوەی پێپلکەکان دانیشت. تۆپە کاغەزینەکەی بە دەستەوە بوو. ئەژنۆ چڵکنەکانی لە شەرواڵە دڕاوەکەیەوە دیار بوو. پرسیم: "نیازعەلی، ماڵتان لە کوێیە؟"

– پشت قەڵا، ئاغا.

– باوکت ناوی چییە؟

– ریش چەرمووی ئاغا.

– چ کارەیە؟

– هیچ، ئاغا. فرە پیرە، لە ماڵ دانیشتووە و کتێبی دوعا دەخوێنێتەوە، ئاغا.

– دایکت چ دەکات؟

– بێکارە، ئاغا. دوێنێ ددانەکانی پێشەوەی کەوتن و بوو بە بێکار.

کە باش لێی وردبوومەوە، بۆم دەرکەوت، دایکی. بۆ مەشەدی باقیر. بازرگانی وشکەی دێ. کاری دەکرد. کارەکەیشی پستە پاککردن بوو. پستەگەلێک کە دەمیان نەکرابوونەوە، بە ددان دەیانیکردنەوە و رۆژی بیست و پێنج ریاڵی وەردەگرت. دوای چەند ساڵێکی کار ددانەکانی کەوتبوون و خۆیشی بێکار کەوتبوو. برا گەورەکەیشی کە لە ژێر خاکدا بوو، پێش دوو ساڵ دوای گەڕانەوەی لە سەربازی لە کاتی کاردا کەلاوەی بە سەردا رووخابوو و ئەمانی بە تەنێ بەجێ هێشتبوو.

***

زستان هات. منداڵەکان لە گوندە دوورەکانەوە دەهاتن. کە دەگەیشتنە جێ لە مرۆڤی بەفرین دەچوون. دەوری برژانگ و برۆکانیان و کونەلووتیان بەفر گرتبوونی. برژانگەکانیان، کە لە یەکترییان دەدا، تەق تەق دەنگیان دەهات. وەک ئەوەی، کە دوو پارچە

شووشە بە یەکتریدا بدەی. لە تەنیشت زۆپا دارینەکەوە دادەنیشتن و لە لووتیانەوە دڵۆپەی بەفریان دەتکاند. ئەوانە، کە خەتیان دابوو و لە پۆلەکانی سەرووترەوە بوون، سمێڵی بەفرینی گەورەیان بۆ دروست دەبوو. کڵاشەکانیان بە زۆپاکەوە دەنووساند. بۆنی لاستیکی سووتاو و بۆنی توندی ئارەقەی پێ لە هەوادا بڵاو دەبوونەوە. کڵاش و کەوشە لاستیکییەکان لە دوورەوە ئاویان لێ دەچۆڕا و دەوروبەری زۆپاکەیان تەڕ دەکرد.

***

ژوورەکەم بە تەنیشت پۆلی دەرسەوە بوو. هەموو بەیانیانێک لە پەنجەرەکەوە، منداڵەکان کە بۆ مەکتەب دەهاتن دەمدین. "نیازعەلی" وەک مەلێک، پەتێکیان بە پێیەوە بەستبێ، خۆی بەرەو مەکتەب دەکردە کێش. کە دەرسەکانمان تەواو دەبوون، داوام لە منداڵەکان دەکرد، کە بێنە پێشێ لە پۆلەکەدا و چیرۆک بگێڕنەوە. هەندێ جاریش دەمگوت ئەگەر هەرکەسێ خەونێکی سەیری بینیوە با بیگێڕێتەوە. رۆژێک نۆرە گەییشتە "نیازعەلی". لە پێشدا خۆی گرت و رازی نەبوو، بەڵام پاشان قایل بوو. سوورییەکی برین ئاسا کەوتبووە سەر روومەتی و دەنگی دەلەرزی، دەستی بە گێڕانەوە کرد و گوتی:

"لە خەونمدا بووبووم بە چۆلەکە. دەفڕیم و بازم دەدا. لەسەربانەوە فڕیمە نێو حەوشە. لە حەوشەوە پەڕیمە سەر تاق. باوکم گوتی: هەی داد و بێداد، منداڵەکەمان بووە بە چۆلەکە، بینیم باوکم خۆیشی بووە بە چۆلەکە و رۆیشت و لەسەر کتێبی دوعاکەی نیشتەوە. دایکم لە پێشدا پێکەنی. دوایی گریا. لەپڕ ئەژدیهایەکی گەورە خۆی کرد بە نێو ماڵدا. دایکم هەر کە ئەژدیهای بینی گوتی: وای وای خودایە مەشەدی باقیر هات! خێرا خێرا، لە چاکی پستەی دەردەهێنا و پاکی دەکرد. بینیم دایکم ددانی نییە و خوێن لە دەمی دێ. دەمویست بڕۆم و چاوی ئەژدیهاکە دەربێنم. یەکێک لە پستەکان پێکەنی و گوتی: دەرهێنانی چاوی ئەژدیهاکە، چ سوودێکی نییە. ئێمە ئێستاکە کارێک دەکەین، لە خەفەتدا بتەقێ. گشت پستەکان پێکەنین و دوایی دەمیان داخست. ئەژدیها بە تووڕەییەوە گوتی: هۆ پستەکان، ئێستا باوکتان دەردێنم. رۆیشت و تێلایەکی زلی هەڵگرت بۆ وەی بیکێشێ بە سەر پستەکەدا. پڕی ژێر پێی ددان بوو. پێی لە ددانەکان هەڵخلیسکا و بە سەردا دای بە زەویدا. بەم کارەی ئەژدیها، گشت پستەکان پێکەنین و دەمیان کرانەوە. مەشەدی باقیر خۆشحاڵ بوو، بەڵام پستەکان بە یەکترییان گوت: منداڵەکان وەرن با ئیتر پێ نەکەنین.

ئەژدیها، بۆ ئەوەی ئەمان بهێنێتە پێکەنین، کاری سەیروسەمەرەی دەکرد، ملی درێژ دەکردەوە، تا دەگەیشتە ئاسمان و ئەستێرانی دەخوارد. سەرمەقولاتی دەدا. چاوەکانی قیلوقاچ دەکردن و ئەستێرەکانی لە گوێیەوە دەردەهێنان. من پێکەنینم هات. لە دەنگی پێکەنینی من، ئەژدیها گەڕایەوە. منی بینی و گوتی: ها، ئەم هەموو کارانەش لە ژێر سەری تۆدان. بە جارێک پەلاماری منی دا. ویستم لە پەنجەرەکەوە هەڵێم. پەنجەرەکە تەنگ بووەوە و تەنگ بووەوە. یەکێک لە پستەکان، کە لە منەوە نێزیک بوو گوتی: وەرە لەسەر پشتی من دانیشە تا هەڵبێین. پستە وەک باڵۆنێکی لێ هات. منیش سواری بووم. باڵۆنەکە منی لە کونی زۆپاکەوە برد و فڕی تا گەیشتە ئاسمان. منیش حەزم دەکرد ئەستێرەیەکی جوان بۆ دایکم ببەمەوە بۆ وەی لە گەردنی بئاڵێنێ. بەڵام لەپڕ پێم سووڕا و بە سەردا بەرەو خوار هاتم. هاتم و هاتم. لە دوورەوە بینیم، باوکم خەریکی قوڕگرتنەوەیە بۆ سواغدانی سەربان. بە سەردا کەوتم. لە نێوان قوڕ و هاواردا، لە جێگەکەم راپەڕیم. بینیم لە بنمیچی ژوورەکەوە، دڵۆپە بەسەرمدا دەبارێ".

تەواوی منداڵەکان پێکەنین و چەپڵەیان بۆ لێ دا. کە چوو بۆ وەی دانیشێ، وەک بێچووە سۆنەیەک وابوو، بەرەو لای هێلانەکەی هەڕا بکات.

***

زستانی ئەو ساڵە لە ساڵانی پێشوو ساردتر بوو. پەنجەرەکانمان بە رۆژنامە و مقەبا چاک داپۆشیبوون. بەیانیانێک ئامادەبوونمان دەخوێندەوە:

– نیازعەلی نییەتی.

بڕیک لە منداڵەکان بە ئەسپایی گوتیان:

– ئامادە نییە.

راپەڕیم. جێگەکەی چۆڵ بوو. خەمێکی نائاشنا لە روومەتی منداڵەکاندا دەبینرا. هەموویان سەریان دانەواندبوو. لە ئەکبەری چاودێری پۆل پرسیاری هۆی نائامادەیی نیازعەلیم کرد. گوتی:

"ئاغا، دوێنێ ئێوارە مرد. لە سەرما، ئاغا خوێن لە گەروویەوە هات و مرد. هەر دەیگوت: ئەستێرەم دەوێ، ئەستێرەم دەوێ، ئەستێرەیەکی جوان بۆ دایکم".

منداڵەکان بێدەنگ بوون. با، رۆژنامەی سەر پەنجەرەی پۆلەکەی رادەوەشاند و دەنگی

دەبیسترا. وەک ئەوەی کە "نیازعەلی" لە ڕێگەیەکی دوورەوە چیرۆک بگێڕێتەوە یا باسی خەونەکانی بکات. دەنگیی ئەو کاتەی، کە ڕۆژنامەی دەخوێندەوە، دەهاتە گوێ.

پەڵەهەورێکی ڕەش لەسەر دڵی ئاسمان وەستابوو. هەموومان کپ و بێدەنگ بووین. چاوم بە ڕۆژنامە نوێیەکەی سەر پەنجەرەکە کەوت. بە خەتێکی گەورە نووسرابوو:

"لەشساغیی بۆ هەمووان".

.................................................................

* سەرچاوە: درویشیان، علی، برگزیده داستانها(از این ولایت)، چاپ اول، انتشارات پیوند، تهران ١٣٥٩ ص ٧- ١٣ .

* عەلی ئەشرەفی دەرویشیان: ساڵی ١٩٤١، لە باژێڕی کرماشان، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە. ئەو بۆ خۆی کوردە، لێ بە زمانی فارسی دەنووسێت وەک نووسەرێکی ئێرانی دەژمێردرێ. پێش شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران، بە ناوی خوازراوی لەتیف تەلخستانی "لطیف تلخستانی"یەوە دەینووسی و ڕۆمانە بەناوبانگەکەی ئابشووران "آبشوران"ی بەو ناوەوە بڵاو کردووەتەوە. دوای خوێندنی خوێندنگەی مامۆستایەتی، لە گوندەکانی "گەیلان غەرب" و "شائاباد"، کاری مامۆستایەتی کردووە. دواتر چووەتە تاران و لە زانستگە ئەدەبیاتی فارسیی خوێندووە. پاش شۆڕشی ١٩٧٩، چەندین جار بە بیانووی چالاکیی سیاسییەوە زیندانی کراوە.

آبشوران، سالهای ابری، از این ولایت، همراه آهنگهای بابام، فصل نان، سلاو ل ١٨، درشتی، افسانەهای ومثل های کوردی و فرهنگ گویش کرمانشاهی، چەند ڕۆمان و کورتەچیرۆک و کتێبێکی ئەون، کە پەخش کراونەتەوە و بەرهەمی زۆری تریشی هەیە، کە هێشتا بڵاو نەبوونەوە.

ڕۆمان و کورتەچیرۆکەکانی، پتر باس لە هەژاری و جیاوازیی چینایەتی و چەوساوەیی مرۆڤی کورد دەکەن. زمانێکی پاراو و دەوڵەمەندی هەیە و گەلێ جاریش دەستەواژە و وشەی کوردی لە نووسینەکانیدا تێکەڵ بە زمانە فارسییەکە دەکات.

(وەرگێڕ)